ژمارە: ٢٦٦٨٣
ڕێکەوت: ٢٤ / ١٢ / ٢٠٢٤ ی زایینی
٣ / ١٠ / ٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

پاڵپشت بە حوکمی (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی (٢٠٢٤)ی ئەنجومەنی وەزارەت، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٢٤)

## ڕێنمایی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

### ماددەی (١): پێناسەکان:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، بریتییە لەو واتایانەی کە بەرامبەریان نووسراوە:

**حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**وەزارەت:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**فەرمانگە:** فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.

**زانکۆ حکومییەکان:** زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**کۆلێژ:** کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ.

**کۆلێژە پزیشکیەکان:** کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی.

**بەش:** بەشی زانستی لە کۆلێژەکان.

**سەنتەرەکانی زمان:** سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:** یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.

## ماددەی (٢): مەرجە گشتیەکانی پێشکەشکردن:

### یەکەم: تێکڕای نمرە (معدل):

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس مەرج نییە بۆ پێشکەشکردن. واتە هەر خوازیارێک تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی لە (٥٠%) بە سەرەوە بێت، مافی پێشکەشکردنی هەیە.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە خوازیار تێکڕای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکان. سەبارەت بەو خوازیارانەی تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە، مەرجە سەرەتا دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکان بخوێنن، دواتر مافی پێشکەشکردنی خوێندنی باڵا/ماستەریان هەیە بە شێوەیەک کە ڕێژەی لە (٦٠٪)ی نمرە لەسەر تێکڕای نمرەی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی دەبێت و ڕێژەی لە (٤٠٪)ی نمرە لەسەر تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبێت.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە خوازیار تێکڕای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی ماستەری ئەکادیمی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت. هەروەها مەرجە خوازیار تێکڕای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت، جگە لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە:

أ. دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکان کە ڕەچاوی مەرجی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس ناکرێت.

ب. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر کە دەکەونە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

- هەڵگرانی نازناوی زانستی هەمیشەیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە.
- ئەو خوازیارانەی کە سەرجەم مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستیان بە پێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار دەستەبەر کردووە، بەڵام فەرمانی نازناوی زانستیان پێنەبەخشراوە بە هۆی دانەمەزراندن یان کارکردن لە دەرەوەی هەردوو وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە یاخود بە هۆکاری دیکە. لەم حاڵەتەدا (یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا) لە زانکۆکانووردبینی لە مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستی بە پێی ڕێنماییەکان بۆ خوازیار دەکات و لەسەر ئەم بنەمایەش پشتگیری پێدەدرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن.

### دووەم: توانستی زمانی ئینگلیزی:

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن مەرج نیە، بەڵکو پێویستە خوازیار لە ماوەی هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەمی خوێندنی ئەکادیمی، بابەتی (زمانی ئینگلیزی) وەکو مۆدیولێک وەربگرێت لە پرۆگرامی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بۆ مەبەستی پەرەپێدان و فێربوون.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، توانستی زمانی ئینگلیزی مەرجە بۆ پێشکەشکردن، بۆیە پێویستە خوازیاری سەرجەم بەشەکان لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن یەکێک لەم (٢) دوو مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە:

أ. یان خوازیار بڕوانامەی ئاستی هاوتای نمرەی (IELTS-Academic: 5) لە سێنتەرەکانی زمان بە بەدەست هێنابێت.

ب. یاخود خوازیار لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکان نمرەی (IELTS-Academic: 5 ,TOEFL-PBT: 414 ,TOEFL-iBT: 59, Pearson Academic-PTE: 52) بەدەست هێنابێت.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، توانستی زمانی ئینگلیزی مەرجە بۆ پێشکەشکردن، بۆیە پێویستە خوازیاری سەرجەم بەشەکان لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن یەکێک لەم (٢) دوو مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە:

- تایبەت بە خوازیاری بەشەکانی (زانستە مرۆڤایەتیەکان)، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. یان خوازیار بڕوانامەی ئاستی هاوتای نمرەی (IELTS-Academic: 5) لە سێنتەرەکانی زمان بە بەدەست هێنابێت.

ب. یاخود خوازیار لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکان نمرەی (IELTS-Academic: 5, TOEFL-PBT: 414, TOEFL-iBT: 59, Pearson Academic-PTE: 52) بەدەست هێنابێت.

- تایبەت بە خوازیاری بەشەکانی (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکییەکان) مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. یان خوازیار بڕوانامەی ئاستی هاوتای نمرەی (IELTS-Academic: 6) لە سێنتەرەکانی زمان بە بەدەست هێنابێت.

ب. یاخود خوازیار لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکان نمرەی (IELTS-Academic: 6, TOEFL-PBT: 497, TOEFL-iBT: 73, Pearson Academic-PTE: 67,) بەدەست هێنابێت.

٤. سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS-Academic، TOEFL، Pearson Academic-PTE) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

٥. پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (IELTS و TOEFL و PTE)ی خوازیاران لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن و پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن ئەنجام بدەن.

٦. بڕوانامەی خولی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمان بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کاری پێدەکرێت. هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS-Academic، TOEFL، PEARSON-Academic-PTE) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك بڕوانامەکانی (IELTS-Academic، TOEFL، PEARSON-Academic-PTE) کە ماوەی دوو ساڵیان بەسەر تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

## سێیەم: تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن:

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن ئەنجام نادرێت بە هۆی ئەوەی ئەم خوێندنە بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ و هەروەها درێژەدان بە خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات تاوەکو یەکسانکردنی بڕوانامەیان بۆ ئەنجام بدرێت.

٢. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی کلینیکی و ماستەر و دکتۆرا، بۆ ئەوەی خوازیار مافی بەشداریکردنی لە پێشبڕکێی وەرگرتن هەبێت، مەرجە:

أ. خوازیار لە تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن دەربچێت و بە لایەنی کەم (٢٠) نمرەی لە (٤٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت.

ب. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی و خوێندنی ماستەر و خوێندنی دکتۆرا، پێویستە لیژنەی زانستی بەش و دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی بەش ژمارەیەک بابەت دەست نیشان بکات و هەروەها دەکرێت ژمارەیەک سەرچاوەی پاڵپشتیکار دەست نیشان بکات، دواتر لە تابلۆی ئاگاداری بەشەکان هەڵبواسرێت تاوەکو خوازیاران ئاگاداری بن و ئامادەکاری بۆ بکەن.

ج. سەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن (بە شێوەی هەڵبژاردان -Multiple-Choice Question -MCQ) دەبێت کە گوزارشت لە ئاست و توانای زانستی و مەعریفی خوازیار بکات، هەروەها وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک بە هەڵە، ئەوا وەڵامێکی راست دەبات.

د. پرسیار و وەڵامی نمونەیی و هەڵەچنینی پەراوی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر دادەنرێت بە پێی پسپۆڕی بەشەکان.

ه. دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە، وێنەیەک لە ماستەرشیتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە خوازیار دەدرێتەوە.

و. وەڵامی نمونەیی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن، پێویستە راستەوخۆ دوای تاقیکردنەوەکە رابگەیەنرێت.

ز. دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن، راستەوخۆ پرۆسەی هەڵەچنینی پەراوی تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت و پێویستە لە ماوەی کەمتر لە (٤٨) کاتژمێر ئەنجامەکەی رابگەیەنرێت. بەڵام پرۆسەی خاڵبەندی پێشبڕکێ راناگەیەنرێت تاوەکو رێکارەکانی ووردبینیکردن و پەسەندکردن لە سەرۆکایەتی زانکۆ و وەزارەت ئەنجام دەدرێت.

ح. وەزارەت/فەرمانگە سەرپەرشتی پرۆسەی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن لە زانکۆکان دەکات بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی میکانیزمی شێوازی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

ط. بۆ تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت، واتە نمرەکان نزیکردنەوە (جبر- Rounding) ناکرێن و کێرڤ نادرێت.

ي. تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن تەنها بە شێوەی نووسین (بە شێوەی هەڵبژاردان - MCQ) ئەنجام دەدرێت.

ك. پێویستە لیژنەیەکی تایبەت لەسەر ئاستی (کۆلێژ یان بەش) سەرپەرشتی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان بکات.

ل. پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

م. ئەگەر هاتوو مامۆستا پەیوەندی خزمایەتی تاوەکو پلە (٤) چواری لەگەڵ خوازیاری هەمان پسپۆری خۆیدا هەبوو، ئەوا نابێت مامۆستایەکە بەشداری لە پرۆسەی دانانی پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن ئەو پسپۆرییە بکات، ئەمەش لە پێناو پیشەیی و شەفافیەت لە ئەنجامدانی کاروبارە زانستیەکان، بە پێچەوانەوە رێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر.

**چوارەم: تەمەن:**

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، میچ (سقف)ی تەمەن ڕەچاو ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن لەبەرئەوەی خوێندنەکە بە شێوەی پاراڵێل دەبێت.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، مەرجە تەمەنی خوازیاری دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە (٤٥) چل و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت (لەسەر بنەمای ساڵ). ئەگەر تەمەنی خوازیار لە سەرووی (٤٥ ساڵ) چل و پێنج ساڵ بێت، ئەوا دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل پێشکەش بکات.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، مەرجە تەمەنی خوازیاری دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە (٥٠) پەنجا ساڵ زیاتر نەبێت (لەسەر بنەمای ساڵ). ئەگەر تەمەنی خوازیار لە سەرووی (٥٠) پەنجا ساڵ بێت، ئەوا دەتوانێت لەسەر کورسی پاراڵێل پێشکەش بکات.

٤. بۆ خوازیارانی دانەمەزراو، ڕەچاوی میچ (سقف)ی تەمەن ناکرێت و لەو مەرجە دەبەخشرێن بۆ مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر و دکتۆرا.

**پێنجەم: ساڵانی خزمەت:**

١. بۆ خوازیارانی دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لەسەر میلاکی یەکێک لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، مەرجی ساڵانی خزمەت بە پێی یاسای پەیوەندیدار و ناوەڕۆکی پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەزارەت تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن دەبێت.

٢. بۆ خوازیارانی دانەمەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بە بێ هەبوونی مەرجی ساڵانی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی دوا بڕوانامە، ڕاستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش خوازیاران پێویستە بەڵێننامەی فەرمی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆکان واژوو بکەن کە لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دانەمەزراون، لە حاڵەتی پێشکەشکردنی زانیاری نادروست، قوتابی/خوێندکار ڕاستەخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی (ترقين قيد)ی بۆ دەردەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**شەشەم: سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراق نین:**

١. هاوڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق مافی پێشکەشکردنی هەیە بە سیستمی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

٢. وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان مافی هەیە سکۆلەرشیپ بە خوازیارانی نێودەوڵەتی بدات بۆ مەبەستی درێژەدانیان بە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی (٣): ڕێکخستنی پێشبڕکێی وەرگرتن و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:**

١. بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبڕکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای (تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس) دەبێت و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن بە شێوەیەک کە تێکرای نمرەی لە (٥٠٪)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت.

٢. بۆ خوێندنی ماستەر، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبڕکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای (تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس، و تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی وەرگرتن) دەبێت و ئەو خوازیارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:

أ. سەرەتا ئەم ئەم هاوکێشەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت و کۆنمرەیەکی نوێ دەردەهێندرێت، پاشان تێکرای نمرەی لە (٦٠%)ی بەکالۆریۆس بە پێی هاوکێشەی نوێ هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالوریۆس لە کۆلێژە پزیشکیەکان کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە هیچ خاڵ وەرناگرن.

هەروەها سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی لە (٦٠٪)ی کۆنمرەی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و لە (٤٠٪)ی کۆنمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێنەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر و لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر خوازیارێک دوای کۆکردنەوەی تێکرای کۆنمرەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر، تێکرای نمرەکەی لە (٦٠%) بوو، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تێکرای نمرەکەی، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو بنەمایە پەیڕەو دەکرێت.

- Average: degree of student (تێکرای نمرەی پێشکەشکار)
- Maximum: maximum number of the degree (بەرزترین تێکرای نمرە لەم ساڵدا)
- Minimum: minimum number of the degree (نزمترین تێکرای نمرە لەم ساڵدا)

$$\text{Standard score} = \frac{2*Average-(max+\min)}{(max-\min)}$$

Standard degree (New Average) = 75 + standard score × 20

Standard score: بریتیە لەو ژمارەیەی کە یەکسانە بۆ ساڵە جیاوازەکان یان گروپە جیاوازەکان، پێ یەکەیە، بۆ ئەم هاوکێشەی سەرەوە و بۆ هەر ساڵێک، یان زانکۆیە یان بەشێک بێت نرخەکەی لە نێوان $-1 \leq standard\ Score \leq 1$ ،

New Average: بۆ هەژمارکردنی تێکرای نمرە (معدل)ی نوێ، لەبەر ئەوەی تێکرای نمرە یان ناوەراستی نمرە لە نێوان ٥٠ بۆ ١٠٠ بۆیە ٧٥ هەڵدەبژێرین و بڕی ٢٠ جاری (Standard score) بۆ زیاد دەکەینەوە بۆ ئەوی نمرەی خوازیارەکان بکەوێتەوە مەودای (٥٥--- ٩٥) بۆ هەموو (ساڵەکان یان زانکۆکان).

**تێبینی:** بە پێی هاوکێشەکانی ئاماری بێت (Standard score) بەم شێوەی خوارە هەژمار دەکرێت:

Standard score = $\frac{degree - Mean}{standard\ deviation}$ .

بۆ هەژمارکردنی (Mean and Standard deviation) پێوستی بە هەموو نمرەکانی سالی دەرچوونی خوازیارەکان هەیە، (کە ئەمەش کارێکی سەختە لەبەر ئەوەی خوازیارەکان لە ژمارەیەکی زۆری زانکۆی جیاواز و سالی جیاواز هەژمارکردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت)، بۆیە لە ئامار رێگەی نزیکراوە وەردەگیرێت بە بەکارهێنانی بەرزترین و نزمترین نمرەی سالی دەرچوونی خوازیار.

ب. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن لەسەر (٤٠) نمرە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (٢٠) لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی پێ دەدەرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تاقیکردنەوە، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت.

٣. بۆ خوێندنی دکتۆرا، پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی تێکرای لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی (بەکالۆریۆس، و ماستەر، و تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن، و توێژینەوە و داهێنانی زانستی، و پرۆسەی دڵنیایی جۆری جگە لە کورسیەکانی پارالێل) دەبێت و ئەو خوازیارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی رێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن. بەم شێوەی خوارەوە:-

أ. تێکرای نمرەی لە (٦٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالوریۆس لە کۆلێژە پزیشکیەکان کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠٪) کەمترە هیچ خاڵ وەرناگرن.

ب. تێکرای نمرەی ماستەری ئەکادیمی لە (٧٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵ وەردەگرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تێکرای نمرەی ماستەر، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت.

ج. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن لەسەر (٤٠) نمرە ئەنجام دەدرێت بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (٢٠) لە تاقیکردنەوەکە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی پێ دەدەرێت و هەروەها بە پێی پۆینتی تاقیکردنەوە، پۆینت بۆ خاڵبەندی هەژمار دەکرێت.

د. توێژینەوەی زانستی و داهێنانی زانستی بۆ پرۆسەی پێشبرکێی وەرگرتن، بەم شێوەیەی خوارەوە خاڵبەندی هەژمار دەکرێت:

- لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوە لە گۆڤارێکی زانستی نێودەوڵەتی خاوەن ئیمپاکت فاکتەر (Impact Factor) لە لیستی (Clarivate Analytics) (١٠) دە خاڵ بە خوازیار دەدرێت، بە مەرجێك دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرەکەی بێت و لە نامەی ماستەرەکەی هەڵێنجراو (مستل) نەبێت.
- لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوە لە گۆڤارێکی زانستی نێودەوڵەتی خاوەن سکۆپەس (Scopus)ی (Q1+Q2) (٧,٥) حەوت خاڵ و نیو بە خوازیار دەدرێت و بۆ (Scopus)ی (Q3+Q4) (٦) شەش خاڵ بە خوازیار دەدرێت و بە مەرجێك دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرەکەی بێت و لە نامەی ماستەرەکەی هەڵێنجراو (مستل) نەبێت.
- لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوە لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و دەزگا زانستیەکانی مۆڵەتپێدراو لە لایەن وەزارەتمان و زانکۆ حکومیەکانی عێراقی فیدراڵ، (٥) پێنج خاڵ بە خوازیار دەدرێت، بە مەرجێك دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرەکەی بێت و لە نامەی ماستەرەکەی هەڵێنجراو (مستل) نەبێت.
- ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە (قبول بالنشر) لە گۆڤاری زانستی بۆ وەرگرتنی خاڵبەندی هەژمار ناکرێت.
- داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بە مەرجێك لە یەکێک لە دامەزراوە باوەڕپێکراوەکان تۆمار کردبێت و لەلایەن وەزارەت باوەڕپێکراو بێت، (١٠) دە خاڵ بە خوازیار دەدرێت.
- مەرجە توێژینەوەی زانستی و داهێنانی زانستی لە پسپۆری گشتی خوازیار بێت، بە پێچەوانەوە هەژمار ناکرێت.
- توێژینەوەی هاوبەش بۆ مەبەستی وەرگرتنی خاڵبەندی، لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان، تەنها تاوەکو ریزبەندی توێژەرەی سێیەم هەژمار دەکرێت و هەروەها لە بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکییەکان، تەنها تاوەکو ریزبەندی توێژەری چوارەم هەژمار دەکرێت.
- کۆی گشتی میچ (سەقف)ی وەرگرتنی خاڵ لە بڵاوکراوەی توێژینەوەی زانستی و داهێنانی زانستی بریتی دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج خاڵ بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ.

ه. پرۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام) بۆ هەڵگرانی خاوەن نازناوی زانستی تەنها بۆ کورسیەکانی گشتی هەژمار دەکرێت (جگە لە کورسیەکانی پارالێل)، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

- بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو لە یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن لە هەگبەی مامۆستا دەبێتە پێوەر بۆ وەرگرتنی خاڵ، بۆ نمونە ئەگەر خوازیار (٤) چوار نمرەی لە هەگبەی مامۆستا هەبێت ئەوا (٤) چوار خاڵی پێ دەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت. هەروەها بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو لە یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن لە زانستخوازی بەردەوام جارانی (0.05) دەکرێت بە شێوەی (النسبة والتناسب)، نمرە دابەشکراوەکە دەبێتە خاڵی وەرگرتن بۆ چوونە پێشبرکێ و پۆینت ئەژمار دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر نمرەی (٨٠)ی لە زانستخوازی بەردەوام هەبوو ئەوا (٤) چوار خاڵی پێدەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت.
- ئەگەر خوازیار پرۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام)ی نەبوو، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ پێشبرکێ.

**ماددەی (٤): مەرج و پێداویستیەکانی کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا:**

١. بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (٥) پێنج هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا } یان { (٥) پێنج هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا) }ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری پسپۆڕی خوێندنی بەشەکە بێت، و هەروەها مەرجە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە بە پێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی پەسەندکراو، بە مەرجێک بە لایەنی کەم (٣) سێ مامۆستا لە ستافی ئامادەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و (٢) دوو مامۆستای ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە. لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی دیکە.

٢. بۆ کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (٣) سێ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بلاوکراوەی (محکم)ی دوای دکتۆراکەی} هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری پسپۆڕی خوێندنی بەشەکە بێت، یاخود { (٢) دوو پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (٤) چوار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بلاوکراوەی (محکم)ی دوای دکتۆرای} هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و هەروەها مەرجە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان لە هەمان ئەو بەشە تەنسیبکراو بن یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە پرۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت و بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی پەسەندکراو ، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئامادەپێکراو لەسەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن، لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەڕاندبێت.

٣. بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە هەر بەشێك، مەرجە بە لایەنی کەم { (١) یەک پرۆفیسۆر و (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر} یاخود { (٥) پێنج پرۆفیسۆری یاریدەدەر}ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری پسپۆڕی خوێندنی بەشەکە بێت و مەرجە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان لە هەمان ئەو بەشە تەنسیبکراو بن یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە پرۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت و بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئامادەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی تر بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن. لەم بارەیەوە پێویستە ئەو ستافە کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەڕێت.

٤. ئەو زانکۆیانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە هەر بەش و بوارێک بکەنەوە، مەرجە بەشەکە لە زانکۆکە هەبێت.

٥. بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر، پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی بەکالۆریۆسی هەبێت. بۆ کردنەوەی خویندنی دکتۆرا، پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی ماستەری هەبێت.

٦. سەبارەت بە پسپۆری کۆلێژە پزیشکییەکان، مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣) سەرەوە لەسەر ئاستی کۆلێژ ئەژمار دەکرێت.

٧. سەبارەت بە بەشە هاوشێوەکانی هەمان زانکۆ وەکو (کوردی و کوردی، ئینگلیزی و ئینگلیزی، کیمیا و کیمیا...هتد)، لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە، دەکرێت ستافی بەشەکان تێکەڵ بکرێن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ستاف بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا لە هەردوو بەش بکرێتەوە و ستافی بەشەکان بەشێوەیەکی هاریکار بەشدار بن لە پرۆسەی خوێندندا.

٨. زانکۆکان دەتوانن پلانی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرایان تێدا کراوەتەوە و ئێستاش مەرجی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە، واتە بە پێی بوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی پێویست و رێژەی ئەنجامدانی پلانی پێشتری خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکەی خوێندن.

٩. سەبارەت بەو بەشانەی کە بۆ یەکەم جارە دەیانەوێت خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا بکەنەوە و مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥)ی سەرەوەیان تێدایە، دەتوانن پڕۆپۆزەڵی کردنەوەی خوێندنەکە پێشکەش بە وەزارەت/فەرمانگە بکەن بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن وەزارەت/دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری و وەرگرتنی رەزامەندی.

١٠. هەر یەک لە (زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک و زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان) وەکو دوو زانکۆی تایبەت کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان پێدراوە، وەکو پرۆژەیەکی ئەزموونی (Pilot Project) مافیان پێ دەدرێت تەنها بۆ کردنەوەی خوێندنی باڵا/ماستەر بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێک لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی رێکەوتنامەیەکی فەرمی پەسەنکراو دەبێت بە هەمان ناوەڕۆکی هاتوو لەم رێنماییە.

## ماددەی (٥): پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا:

١. ووردەکاری شێوازی خوێندنی سیمستەرەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە رێنماییەکی پاشکۆ دەردەچێت.

٢. ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بریتیە لە (١) یەک ساڵ و ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی بریتییە لە (٢) دوو ساڵ و هەروەها ماوەی خوێندنی ماستەر بریتییە لە (٢) دوو ساڵ، و ماوەی خوێندنی دکتۆرا بریتییە لە (٣) سێ ساڵ.

٣. بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، لە دەسەڵاتی (ئەنجومەنی کۆلێژ)ە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم ماوەی خوێندن درێژ بکاتەوە، لە دەسەڵاتی (ئەنجومەنی زانکۆ)یە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم ماوەی خوێندن درێژ بکاتەوە. دواتر لە کاتی پێویستدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەسەڵاتی دەبێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار راستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لە خوێندن.

٤. سەبارەت بە درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بۆ فەرمانبەری هەمیشەیی لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان، پاڵپشت بەپەیرەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەزارەت تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن، درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بۆ جاری یەکەم و دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت و هەروەها درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بۆ جاری سێیەم بە بێ مووچە و دەرماڵە دەبێت (کە دوایین درێژکردنەوەیە).

٥. قوتابی/خوێندکاری ماستەری سەرجەم بوارەکانی (زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی، ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە (قبول بالنشر)ی بۆ (١) یەك توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو (مستل) لە ماستەرنامەکەی وەربگیرێت لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی مۆڵەتپێدراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان یان گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی کە لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار ویستی توێژینەوەی هەڵێنجراو لە گۆڤارێکی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە وەربگیرێت، ئەوا مەرجە گۆڤارەکە لە لیستی (Clarivate Analytics) یان (Scopus) ئیندێکس کرابێت.

٦. پێویستە قوتابی/خوێندکاری دکتۆرای سەرجەم بوارەکانی (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:-

أ. ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە (قبول بالنشر)ی بۆ (١) یەک توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی وەربگرێت لە گۆڤارێکی زانستی خاوەن (Impact Factor) کە لە لیستی (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت.

ب. یاخود ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە (قبول بالنشر)ی بۆ (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو (مستل) لە تێزی دکتۆراکەی وەربگرێت بە شێوەیەک کە (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە لیستی (Scopus) ئیندێکس کرابێت + (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی مۆڵەتپێداو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان یان گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی کە لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

٧. قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی دکتۆرای (بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:-

أ. یان یەکێک لە مەرجەکانی برگەی (أ و ب)ی خاڵی (٦)ی سەرەوە دەستەبەر بکات.

ب. یاخود ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە (قبول بالنشر)ی بۆ (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی وەربگیرێت لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی مۆڵەتپێدراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان یان گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی کە لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

٨. دەکرێت لە ماوەی خوێندنی دکتۆرا، قوتابی/خوێندکار (٣) سێ تا (٦) شەش مانگ بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕەزامەندییەکی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیار و زانکۆکەی دەرەوە، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستەمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێک لە توێژینەوە و ئەنجامدانی ئەزموون لە تاقیگەی زانستی و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی زانستی لەو زانکۆیە، لەم حاڵەتەدا چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا لە رووی لایەنی دارایی بەپێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بۆ ئەوانەی سەر بە دام

و دەزگاکانی وەزارەتن و چوونە دەرەوە بۆ سەرپەرشتیار لە رووی لایەنی دارایی بەپێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بە مەرجێک لە مانگێک تێپەر نەکات و رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ. لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار پێویستی بە چوونە دەرەوە بۆ زانکۆی دەرەکی نەبوو، ئەوا سەرپەرشتیاریش پێویست ناکات بچێتە دەرەوەی وڵات.

ب. سەبارەت بە قوتابیان/خوێندکارانی دکتۆرا کە بە سیستمی پارالێل دەخوێنن، چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوا تێکرای خەرجییەکە لەسەر ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت.

## ماددەی (٦): حوکمە گشتییەکان:

١. سەبارەت بە خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بەش بکات لەسەر بنەمای بەشی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی.

٢. بۆ خویندنی ماستەر، مەرجە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی خوازیار و ئەو بەشەی کە دەیەوێت ماستەری لێبخوێنێت لە هەمان جۆر بن (النوع نفسه)، پێویستە خوازیار پێشکەشی هەمان بەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە لەسەر بنەمای بەشی زانستی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی کە بەدەستهێناوە. بەڵام ئەگەر هاتوو پسپۆری هەردوو بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ئەو بەشەی کە خوازیار دەیەوێت ماستەری لێبخوێنێت لێکنزیکبن و لێکچوون هەبێت لە نێوانیان دا، ئەوا پێویستە بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە نێوان هەردوو بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە لایەن لێژنەی زانستی بەش ئەنجام بدرێت و دەستنیشانی پێداویستی خوازیار بە خوێندنی چەند بابەتێک بکات. ئەگەر رێژەی بەراوردە زانستیەکە گەیشتە (٦٥٪) یان (٢ لەسەر ٣)ی بابەتەکان نەوەک ناوەرۆکی وانەکان، ئەوا خوازیار دەتوانێ داواکارییەکەی پێشکەش بکات. هەروەها پێویستە بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن و پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن ئەنجام بدرێت و پێویستە قوتابی/خوێندکار ئەو بابەتانەی کە لێژنەی زانستی بەش داوای کردووە بۆ ماوەی یەک تا دوو سیمستەر وەربگرێت و تێیدا دەربچێت و نمرەی (٦٠%) کەمتر نەبێت بۆ هەر وانەیەک پێش دەستپێکردنی بە خوێندنی ماستەرەکەی.

٣. بۆ خویندنی دکتۆرا، مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و ماستەری لە یەك بەشی زانستی بێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە و هەروەها پێویستە داواکارییەکەی پێشکەشی هەمان بەشی زانستی لە خوێندنی دکتۆرا بکات.

٤. ئەو کاندیدانەی بەپێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) و (خوێندن لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی) و (مۆڵەتی خوێندن) بۆ دەرەوەی وڵات نێردراون، خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين القيد) کراون بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان پێدەدرێت. بەڵام پێویستە لە سەرەتاوە بە پێی ناوەرۆکی ئەم رێنماییە پێشکەشی پرۆسەی خوێندنی باڵا بکاتەوە، نەوەک لەو قوناغەوە دەست بە خوێندن بکات کە سڕینەوەی ناوی بۆ کراوە.

٥. لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ جاری سێیەم بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ خەرج ناکرێت و پێویستە تاوەکو تەواوبوونی ماوەکە بەردەوام بێت لە سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە یان تێزی قوتابی/خوێندکارەکە.

٦. لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ ئەو خوازیارانەی کە بە شێوازی پاراڵیل وەرگیراون، پێویستە کرێی خوێندن بە (النسبة والتناسب) لەسەر بنەمای کرێی خویندنی ساڵانە بۆ ئەو ماوەیەی درێژکردنەوەی خوێندن ئەنجام دەدات بە زانکۆکەی بدات.

٧. هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکراو وەرناگیرێت ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دواین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی پێشبرکێی وەرگرتن نابێت و (یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە سەرۆکایەتی زانکۆ و راگری کۆلێژ و سەرۆکی بەش و بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ و لێژنەی ووردبینی کردن) بەرپرسیارن لە ووردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها وەزارەت/فەرمانگە مافی هەیە چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن بکات و بەدواداچوون بکات و گشت رێکارەکانی کارگێری و یاسایی بگرێتەبەر.

٨. لە کاتی پرۆسەی پیشکەشکردن بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا، ئەگەر خوازیار فەرمانبەری هەمیشەیی بێت لە یەکێک لە دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و عێراق، ئەوا بەپێی ئەو مەرجانەی لە پەیڕەو و ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هاتووە، پێویستە نووسراوی لاری نەبوون پێشکەش بەو زانکۆیە بکات کە دەیەوێت داواکاری پێشکەش بکات. بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نابێت.

٩. بۆ فەرمانبەرانی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. مۆڵەتی خوێندنی ناوخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

ب. تەنها پێشکەشکارانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر کە خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، ئەوا شێوازی مۆڵەتەکەیان بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت بە پێی برگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بەرکار.

١٠. هەر فەرمانبەرێکی وەرگیراو لە خوێندنی باڵا، ئەگەر پێش دەستپێکردن بە خوێندن لە پێشبرکێی مۆڵەتی خوێندن نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و مۆڵەتی خوێندنی بەدەست نەهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی وەرگیرانەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

١١. پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ واژوو بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دابێت ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناوی لە خوێندن دەکرێت و هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ.

١٢. خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە دەوامی بەیانیان دەبێت.

١٣. قوتابی/خوێندکار دەتوانێت بابەتە هاوشێوەکانی کۆرسەکانی ساڵی یەکەمی خوێندن بە شێوەی میوانداری بۆ هەمان بەشی هاوشێوە لە زانکۆیەکی دیکەی حکومی لە هەرێمی کوردستان بخوێنێت بە مەرجی رەزامەندی هەردوو زانکۆ.

١٤. بە هیچ شێوەیەك ناكرێت قوتابی/خوێندکار خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١٥. ئەگەر لە بەشێك بە تەنها یەك قوتابی/خوێندکاری وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بە مەرجێک لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام زانکۆکان سەرپشکن لە کردنەوەی یان نەکردنەوەی خوێندن بۆ تەنها یەک قوتابی/خوێندکار بە هۆی لەبەرچاوگرتنی تێچووی لایەنی دارایی.

١٦. بە هیچ شێوەیەک ناکرێت یەدەگ (إحتياط) لە خوێندنی باڵا هەبێت، بەڵکو تەنها وەرگیراو بەپێی ژمارەی کورسیەکان دەبێت.

١٧. پاڵپشت بە پەیرەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەزارەت تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، وەزیر و بریکار و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیە دابن ناتوانن داوای مۆڵەتی خوێندن بکەن، لەسەر ئەم بنەمایە ناوبراوان ناتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

١٨. لە کاتی هەبوونی بارودۆخی لەناکاو و لە توانابەدەر (الظرف الطارئ والقوة القاهرة) بە پێی دۆکیومێنتی فەرمی سەلمێندراو، قوتابی/خوێندکار دەتوانێت داوای دواخستنی خوێندن تەنها بۆ ماوەی تەنها (١) یەک ساڵ بکات بەر لە دەستپێکردنی بە پرۆسەی خوێندن و پێویستە داواکارییەکەی لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆ پەسەند بکرێت، لێرەدا قوتابی/خوێندکار ناتوانێت لە ماوەی پرۆسەی خوێندن داوای دواخستنی خوێندن یان هەڵپەساردنی خوێندن بکات. بە پێچەوانەوە فەرمانی وەرگرتنی لە خوێندن هەڵدەوەشێتەوە.

١٩. لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان، راستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆکان و رێکاری یاسایی بەرامبەری وەردەگیردرێت و دۆسیەکەی رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت.

٢٠. هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی کلینیکی پیشەیی ناتوانن بە بێ بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن.

٢١. پێویستە تەنها ناوی (قوتابی/خوێندکار + سەرپەرشتیار) لەسەر رەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی هەڵێنجراو (مستل) لە ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا هەبێت و ناوی دیکە نابێت هاوبەش بکرێت. بە پێچەوانەوە هەژمار ناکرێت.

٢٢. مەرجە خوازیار دەرچووی زانکۆیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی دانپێدانراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر خوازیار بڕوانامەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابێت، پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەی لە وەزارەت بۆ ئەنجام درابێت. بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە.

٢٣. مەرجەکانی پێشکەشکردن و وەرگرتن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، هەمان مەرجەکانی پێشکەشکردن

و وەرگرتن و بەدەستهێنانی بروانامەی خوێندنی ماستەر دەبێت، جگە لە مەرجی خزمەتی نیشتەجێی دێرین کە لە لایەن زانکۆوە دەست نیشان دەکرێت.

**ماددەی (٧): پلان و ژمارەی کورسیەکان:**

**یەکەم:** وەزارەت لە رێگەی فەرمانگەوە داوای پلان خوێندنی باڵا لە زانکۆکان دەکات. زانکۆش هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلان و دیاری کردنی ژمارەی کورسیەکان بەپێی ئەم رێنماییە و بە رەچاوکردنی میچ و مەرجی سەرپەرشتیاری ستافی وانەوتنەوە بەپێی رێنماییە بەرکارەکان و هەروەها هەبوونی ستافی میلاکی ئەکادیمی و ژێرخانی ئەندازەیی و کارگێری و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پێداویستی راستەقینەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پلانی خوێندن و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتر لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندە کرێت.

**دووەم:** سەرجەم کورسیەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوەی پاراڵێل دەبێت.

**سێیەم:** کورسیەکانی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

١. کورسیە گشتییەکان بە خۆرایی دەبێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. دەکرێت ژمارەیەك لە کورسیە گشتییەکان بۆ (دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا) تەرخان بکرێت، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی فەرمانبەری میلاکی هەمیشەیی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بۆیان هەیە پێشبڕکێ لە نێوان خۆیان لەسەر کورسیەکان بکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ژمارەی کورسیەکانی پلان وەردەگیرێت.

ب. دەکرێت ژمارەیەك لە کورسیە گشتییەکان بۆ (فەرمانبەرانی میلاکی هەمیشەیی دام و دەزگاکانی حکومەت هەرێمی کوردستان) تەرخان بکرێت، کە هەموو خوازیارێکی فەرمانبەری دامەزراوی هەمیشەیی (جگە لە فەرمانبەران و مامۆستایانی میلاکی زانکۆحکومیەکان و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) مافیان هەیە پێشکەشی ئەم کورسیانە بکەن و لە نێوان خۆیان پێشبڕکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو خوازیارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ژمارەی کورسیەکانی پلان وەردەگیرێت.

٢. کورسیەکانی پاراڵێل: دەکرێت ژمارەیەك لە کورسیەکان بەشێوەی پاراڵێل بۆ گشت پێشکەشکاران تەرخان بکرێت و ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون یان دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەت، مافیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن. هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکانی پاراڵێل بەشێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو خوازیارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ژمارەی کورسیەکانی پلان وەردەگیرێت.

٣. لە حاڵەتی هەبوونی کورسی بەتاڵ بە گشت جۆرەکانی کورسی خوێندنی باڵا، بە هیچ شێوەیەك ئەو کورسیانە پڕ ناکرێنەوە.

٤. هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکاتە سەرباری پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە، بە پێچەوانەوە رێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتە بەر.

٥. کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پارالێل بەپێی ناوەڕۆکی هەردوو برگەی (١ و ٢) لەم ماددەیە پێشکەش بکەن.

٦. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت و نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات. بە پێچەوانەوە مافی هەردوو شێوازەکەی نامینێت.

٧. سەبارەت بە کورسیەکانی خوێندنی دکتۆرا، پێویستە ناونیشان و پرۆپۆزەڵێکی سەرەتایی بۆ خوێندنی دکتۆرا لە لایەن هەر مامۆستایەک کە بەپێی ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان مەرجی سەرپەرشتیکردنیان تێدایە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی زانستی بکرێت، هەروەها پێویستە پرۆپۆزەڵەکان لەسەر بنەمای بابەتی زانستیی نوێ و دووبارەنەکراو و پێویستی دام و دەزگاکانی حکومی و بازاڕی کار و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە ڕەوتی زانست لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر. پاشان پێویستە پرۆپۆزەڵەکان لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند بکرێت و دواتر لە کاتی ناردنی پلانی زانکۆکان وێنەیەکی پرۆپۆزەڵەکان ڕەوانەی وەزارەت/فەرمانگە دەکرێت. لەم ڕووەوە پرۆپۆزەڵەکان دانانرێت تاوەکو تەواوبوونی سیمستەری یەکەمی خوێندنی دکتۆرا.

## ماددەی (٨): لایەنی دارایی خوێندن

**١.** ئەو خوازیارانەی کە لەسەر کورسیە گشتییەکان وەردەگیردرێن، ئەوا بە خۆڕایی دەخوێنن، واتا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنەکەی کردووەتەوە.

**٢.** ئەو خوازیارانەی کە لەسەر کورسی پارالێل وەردەگیرێن، تەواوی تێچووی خوێندن وەکو کرێی ساڵانەی خویندن و بەکارهێنانی کەرەستە (مواد)ی تاقیگە لە ئەستۆی خۆیان دەبێت. بۆیە پێویستە خوازیار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ واژوو بکات کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

**٣.** کرێی خوێندن بەشێوەی پاڕاڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پێشنیار دەکرێت و پاشان لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**٤.** کەس و کاری پلە (١) یەک وەکو (کچ، و کوڕ، و هاوسەر)ی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان و هەروەها زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەرێمی کوردستان (ئەوانەی مینحەی مانگانە وەردەگرن) خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی بۆ تەنها یەکجار، ئەگەر هاتوو لە خوێندنی باڵا بە پێی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە لەسەر کورسی پارالێل وەربگیرێن، ئەوا لە کاتی هێنانی نووسراوی پشتگیری بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی پرۆسەی پێشەشکردن کە تیایدا ئاماژە بدرێت کە وەزارەتی ناوبراو کرێی خوێندن لە ئەستۆ دەگرن بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، تەنها کرێی خوێندنیان لێ وەرناگیرێت و بەڵکو لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت.

٥. خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان تەنها (نابینا بە ڕێژەی لە ١٠٠% و کەمبینا بە ڕێژەی لە ٩٠%) ئەگەر هاتوو لە خوێندنی باڵا بە پێی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە لەسەر کورسی پاراڵێل وەربگیرێن، ئەوا لە کاتی هێنانی نووسراوی پشتگیری بە واژووی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی پرۆسەی پێشەشکردن، تەنها ناوبراوان لە کرێی خوێندنی ساڵانە دەبەخشرێن و بە شێوازی خۆڕایی لەسەر ئەستۆی زانکۆکان دەخوێنن.

**ماددەی (٩):**

کار بە ڕێنماییەکانی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٢) و ژمارە (١) و (٢) و (٣) و (٤) و (٥) و (٦) و (٧) و (٩) و (١١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی خوێندنی باڵا و هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و نووسراو و بڕیارێکی پێشووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خویندن، ئەوا بەپێی ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و نووسراوەکانی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوون

بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبڕکێ بە مەبەستی بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە خوێندنی باڵا و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندێتی و چۆنیەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، و دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ خوازیاران، و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەدیهێنانی هەردوو لێهاتوویی (وانەبێژیی و توێژەریی) بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و حکومەت و کەرتی تایبەت، و بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە پێداویستی دامودەزگا حکومی و تایبەتەکان و بازاری کاری کوردستان و بەشداری لە پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییە دەرکرا.

**حەمەی حەمە سەعید**
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بە وەکالەت

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە/خولاو .